# دەستپێکی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی



نووسینی : ساندیا مەولانا(*)

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

هەرچەندە کارل مارکس شیعر و ڕۆمانی نووسیوە، بەڵام بەرهەمەکانی زۆر کەم ئاماژەیان بە باس و ڕەخنەی ئەدەبی کردووە. سەرەڕای ئەوەش، فەلسەفەکەی کاریگەرییەکی زۆر بەرفراوانی لەسەر ڕەخنەگران و نووسەران هەیە، ئەمەش بۆتە هۆی لەدایک بوونی ئەو شتەی کە پێی دەوترێت ڕەخنەی ئەدەبی مارکسی. ئێمە لێرەدا تێدەکۆشین باس لە گرنگیی مارکس نەکەین وەک باوەگەورەی کۆمۆنیزم و خەباتی چینایەتی، بەڵکو باس لە گرنگییەکەی دەکەین لە پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی ئەدەبی کە ئەدەب بە دیاردەیەکی کۆمەڵناسی دەزانێت کە هاوشێوەی دیاردەکانی دیکەی لەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بەهۆی سنوورداربوونی پانتایی ئەم چینە، تەنیا باس لە کاریگەرییەکانی مارکس (و ئەنگڵس) دەکەین لەسەر لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی و مێژوویی ئەدەب. سەرنجەکانی مارکس و ئەنگڵس لەسەر هونەر و ئەدەب پەرش و بڵاو و پارچە پارچەن. ئەمەش یەک لەو هۆکارانەیە کە ڕەخنەی مارکسیستی زیاتر لە تەنها دووبارە خستنەڕووی ئەو کەیسانە دەگرێتەوە کە دامەزرێنەرانی مارکسیزم دایانناوە. بەشێکی ئەو زانستە بنیات دەنێت کە بە 'کۆمەڵناسی ئەدەب' ناسراوە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی ئەدەبییەوە هەیە، چۆنییەتی چاپکردنی کتێبەکان، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نووسەران و خوێنەرەکانیان، ئاستی خوێندەواری، دیاریکەرە کۆمەڵایەتییەکانی وەک سەلیقە و پەیوەندیی سۆسیۆلۆژی دەقە ئەدەبییەکان. ڕەخنەی مارکسی زیاتر لە سۆسیۆلۆژیای ئەدەب، گرنگیدانێکی هەستیارانەیە بۆ فۆرم و شێواز و مانای بەرهەمە ئەدەبییەکان وەک بەرهەمی مێژوویەکی دیاریکراو پەرە پێدەدات. کەواتە ڕەسەنایەتی ڕەخنەی مارکسیستی لە ڕوانگە مێژووییەکەیدا نییە بۆ ئەدەب، بەڵکو لە تێگەیشتنی شۆڕشگێڕانەکەیدایە بۆ خودی مێژوو.

کارل مارکس و فرێدریک ئەنگێڵس مارکس زاراوەی بناغە یان ژێرخانی بۆ هێزەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دیاری دەکات کە پێکهاتەی ئابووری کۆمەڵگە پێکدەهێنن. لەم ژێرخانە ئابوورییەوە، سەرخانێک، هەندێک فۆرمی یاسا و سیاسەت، جۆرێکی دیاریکراو لە دەوڵەت سەرهەڵدەدات، کە ئەرکە جەوهەرییەکەی بریتییە لە شەرعیەتدان بە دەسەڵاتی ئەو چینە کۆمەڵایەتییەی کە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی ئابوورییە. هەروەها سەرخان فۆرمی دیاریکراوی هۆشیاری کۆمەڵایەتی (سیاسی، ئایینی، ئەخلاقی، جوانیناسی و ئەوانی دیکە) لەخۆدەگرێت، ئەمەش ئەوەیە کە مارکسیزم وەک ئایدیۆلۆژیا ناوی دەبات. هەروەها ئەرکی

ئایدیۆلۆژیا بریتییە لە شەرعیەتدان بە دەسەڵاتی چینی دەسەڵاتدار لە کۆمەڵگەدا. بیروباوەڕە باڵادەستەکانی کۆمەڵگەیەک بریتین لە بیروباوەڕەکانی چینی دەسەڵاتداری ئەو کۆمەڵگەیە.
هونەر و ئەدەب بۆ مارکسیزم بەشێکن لە سەرخانی و ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگە. تێگەیشتن لە ئەدەب، لە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیدا، تێگەیشتنە لە کۆی ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتییەی کە بەشێکە لێی. ڕەنگە ئەدەب بەشێک بێت لە سەرخان، بەڵام تەنیا ڕەنگدانەوەی بێکاریگەری بناغەی ئابووری نییە. ئەنگڵس دەیەوێت ڕەتی بکاتەوە کە هیچ پەیوەندییەکی میکانیکی و دانە بە دانە لە نێوان ژێرخان و سەرخان هەبێت؛ توخمەکانی سەرخانیش بەردەوام دژەکردار دەنوێنن بەپێی کاریگەرییان لەسەر بناغەی ئابووری. تیۆری ماتریالیستی مێژوو (کە بەشێکە لە تێگەیشتنی مارکسیزم) نکۆڵی لەوە دەکات کە هونەر خۆی لە خۆیدا بتوانێت ڕەوتی مێژوو بگۆڕێت؛ بەڵام پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە هونەر دەتوانێت توخمێکی چالاک بێت لەم جۆرە گۆڕانکاریانەدا. مارکس پێی وابوو ئەدەب دەبێ یەکگرتوویی فۆرم و ناوەڕۆک ئاشکرا بکات. گومانی لە ڕادەبەدەر لە نووسینە فۆرماڵیستییەکان هەبوو. بە پێروای مارکس فۆرم بەرهەمی ناوەڕۆکە، بەڵام لە پەیوەندییەکی دوو لایەنەدا کاردانەوەی بەرامبەر بە ناوەڕۆک دەبێت. مارکس تێبینی ئەوەی کرد کە فۆرم هیچ بەهایەکی نییە مەگەر فۆرمی ناوەڕۆکێک نەبێت، دەربڕینێک کە دەتوانرێت بە یەکسانی بۆ بۆچوونە ئیستاتیکییەکان بەکاربهێنرێت. شرۆڤەی مارکس لەسەر فۆرم و ناوەڕۆکی ئەدەب ئیلهامبەخش دەبێت بۆ باسێکی درێژ لەسەر گرنگی هەردوو فۆرم و ناوەڕۆک لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا. ئەمەش لە جۆرج لۆکاش و لیۆن ترۆتسکییەوە دەستی پێکرد و دواتر بەردەوام بوو لە بەشداریکردنی ڕەخنەگرانی مارکسیستیتر، وەک لوسیەن گۆڵدمان، پییر ماچێری و فرێدریک جەیمسۆن.

(*)ساندیا مەولانا؛ قوتابی دکتۆرا لە بەشی ئەدەب و لێکۆڵینەوەی کلتووری ، فاکەڵتی پەرەپێدانی مرۆیی زانکۆی کانساس لە ئەمریکا کە بەمۆڵەتی ئەکادیمی زانکۆی پادجادجارانی ئەندەنیسیا دەخوێنێت.

سەرچاوە : THE BEGINNING OF MARXIST LITERARY CRITICISM Literary Criticism Sandya Maulana, S.S

https://images.slideplayer.com/25/7988892/slides/slide_4.jpg